حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
ب.گرێبەستە گشتیەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
محافظة أربيل
م. العقود العامة

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
MINISTRY OF INTERIOR/ERBILGOVERNORATE
DIRECTORATE OF GENERAL CONTRACTS

ژمارە : ٤٢٧    / ٢٧٢ کوردی    ٣ / ١ / ٢٠٢٤ زاینی

## ئاگاداری

### ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە ( 256 ) بودجەی ئاسایی پارێزگای هەولێر / بۆ جاری دووەم

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەینێت بۆ پرۆژەکانی (سنووری قەزای قوشتەپە 1. دروستکردنی ڕێگای گوندی گەڕەشێخان بەدرێژی (5,4)کم 2. دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی شەمزیناوە بەدرێژی (3) کم 3. چاککردنەوەی ڕێگای سێبیران عدۆ بەدرێژی 800م 4. چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی پیرداود - میرخوزار بەدرێژی 4,5کم 5. نۆژەنکردنەوەی دوورگەی ناوەندی شەقامی 30مەتری ناوبازاڕی قوشتەپە بەدرێژی 2,5کم ) کە ( بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر ) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر(11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی ( چوار شەممە) ڕێکەوتی ١/٣١ / 2024 دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

**<u>مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر :</u>**

- کۆمپانیای لە پلە ( 1- 3 ) کەمتر نەبێت و نوێ کراوە بێت .
- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی هەبێت و نوێ کراوە بێت بۆ ساڵی 2024 .
- ماوەی پرۆژە ( 450 ) ڕۆژی تقویمی .
- کاتی بەسەر چوونی تەندەر ( 90 ) ڕۆژە لە بەرواری کردنەوەی تەندەرەکە.
- سزای دوا کەوتن (500,000) پێنج سەد هەزار دینارە بۆ یەك ڕۆژ .
- بارمتەی سەرەتایی بە بڕی (42,000,000 ) چل و دوو ملیۆن دینار بە شێوەی چەکی پەسەند کراو یان دەستەبەری بانکی ( خطاب ضمان )
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای کات و ڕۆژی دیاریکراو لە سەرەوە .
- لە کاتی وەرگرتنی تەندەر کۆمپانیا یان بەڵێندەر دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان ( تخویل ) لەلایەن کۆمپانیا یان بەڵێندەر بێنێت .
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش کڕینی تەندەر بە سەردانی کردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر .
- فرۆشتنی تەندەر ( 300,000 ) سێ سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (9) ی بەیانی تاکو (1) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

**<u>تێبینی :</u>**

دوو ڕۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .

هەموو بەڵگە نامە داواکراوەکان لەکاتی پێشکەش کردن لەناو تەندەر دابنرێت .

**ئومێد خۆشناو**
**پارێزگاری هەولێر**

**<u>وێنەیەك بۆ :</u>**

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا ...
- ✓ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز جێگری پارێزگاری هەولێر بۆ کاروباری هونەری / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا ......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەکان — بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست
- ✓ پرسگە / بۆ هەڵواسینی ئاگاداریەکە .
- ✓ خولاو